
# کەرکووک لە شەوە نووتەکەکاندا



وێنە: فولکەی خەیام



وێنە: ئەحمەدئاغا

سیروان کاروانی

بازیچەی سەر پەنجەی ئەربابی ریا خوت
بی ئورد و بەبی زەمزەمەی شاهو سەرا خوت
سەد ئاە! کە بویتە هەدەفی دەردوبەلا خوت! "حەمدی ١٨٧٦ - ١٩٣٦"

ئەگەر زۆربەی لادێ و شارۆچکە و شارەکانی سەرتاپای کوردستان، لە دێرزەمانەوە بەر شالاوی ڕەشی تەعریب و تەفریس و تەتریک کەوتبن، ئەگەر بە زۆرەملێیی دووچاری لەکەدارکردنی شاکارە نەتەوایەتییەکان بووبن، ئەگەر لەژێر سایەی بیری ناشیاوی ڕەگەزپەرستیدا، تووشی گۆڕینی ناوی دێرین و سەروەریی خۆیان بووبن، ئەوا کەرکووک یەکێک لەوانە و لە هەمووان زیاتر تووشی نەهامەتی و ماڵوێرانی بووە. بە شێواندنی ناوەکەی و سەروەرییە پیرۆزەکانی، ئەم شارە کەونارایە تووشی گەورەترین کارەساتی مێژوو بووە.
کارەساتی گەورەش لەوەدایە، کە چەندین لایەن خۆیان بە خاوەنی شارەکە دەزانن و، هەر بەوەوەش نەوستاون، بەڵکو ناوچەکانی سەر بەو پارێزگایەشیان بە سامانی خۆیان ناوزەد کردووە. کەرکووک لەوەتای هەیە، هەر لە ململانێی نێوان سەفەوی و عوسمانییەکانەوە کە لە نێوانیاندا ئەمدەست و ئەودەستی کردووە، تا دارەدارەی بەعسییەکان و ئێستاش گەندەڵ بوونیان لەوێ و دەڤەری تەواوی شارەکانی تر، هەر قوربانیی نیازە پڕخەوشەکان بووە.

تۆ بڵێی ئەگەر سەفەوییەکانیش، هەمان سیاسەتی عوسمانییەکانیان پیادە بکردایە، ئێستا نەدەبوونە یەکێک لەو لایەنانەی خۆیان بە خاوەنی کەرکووک دەزانی و داوای مافی ئۆتۆنۆمیشیان بۆ پاشماوەکانیان نەدەکرد؟

ئیمپراتۆریەتەکەی عوسمانی، کە لە سەرەتادا پەلی درێژی هاوێشت و توانیی تا ڕادەیەک هەڵکشێ و سنووری دەست درێژییەکەی بەرفراوان بکاتەوە، ئامانجی ئەوەبوو هەر بەو شێوەیە بمێنێتەوە. سوڵتانەکانی عوسمانی لەژێر پەردەی ئاییندا تەپۆڵکە و کەپکەشاخ و پردیان بە کەللەی سەری مرۆڤی کورد و ئەرمەنی دروست دەکرد و دۆعاشیان ئەوەبوو، کە گەردوون هەر لەژێر لامپای سفری تاریکیدا بێت و ڕۆناکاییی تەنها ئەوەند بێت، کە مرۆڤەکان تەنها خودی خۆیان و سوڵتانەکانی پێ بناسنەوە.
لەژێرەوەی ڕووی ئەو ئامانجەدا، عوسمانییەکان هەر لە نیشتیمانی کوردەکان و تا ئەو پەلەی هەڵکشا بۆ هەندێک لە وڵاتانی دوورتریش وەکوو بۆسنە و کۆسۆڤۆ و شوێنانی تر، بە ناوی ئایینەوە داگیریان دەکردن و خوێندنگەی تورکی و بیری عوسمانچێتییان تیایاندا بڵاودەکردەوە. ئەمە بەو نیازە بوو، کە هەر کاتێک ئەو

ئیمپراتۆریەتە بمرێ و ببووژێتەوە، ئەو شوێنانە بە سامانی خـۆی بزانـێ و تەنانـەت گەلـەکانیش لـەناو بـیری عوسمانچێتی و تورکچێتیدا بتوێنێتەوە، هەتا وایان لێبێت، بۆ نموونە وەکوو ئەوەی بەسەر گـەلی کوردیـان هێنـا لەوەی بە تورکی چیایی ناویان ببەن و ئاگری لەناوچوونیان خۆش بکەن.

جێگای وروژاندنە کە ئێمەی کورد وەکوو پێویست لەسەر کەرکووکمان هەڵـنەداوە و، ئێستاشـی لەگەڵـدا بـێ یەکگرتووییەکی ئەوتۆ لەمەڕ مەسەلەی کەرکووک لەئارادا نییە. لایـەنی وا هـەن کـە سـەبارەت بـە مێـژوو و چۆنییەتیی شارەکە زانیارییەکی ئەوتۆیان نییە و خۆیان بە خاوەنیشی دەزانن. تورکمانەکان، هی وایان تێدایـە لە دەرەوەی کوردستان و عێراقدا دەژین و ڕۆژێکیش میوانی کەرکووک نەبوونە، کەچی دەیـان لاپـەڕەی بـێ بناغەیان لە ڕۆژنامەکان و دیوەکانی ئینتێرنێتدا پڕ کردۆتەوە و بەهـەمان شـێوەش کۆنـە وێنـەی کـەرکووکیان کۆکردۆتەوە و بڵاویان کردونەتەوە.

کەرکووک لە شەوە نووتەکەکانی کەوڵ پۆشینی سەردەمی دونیای ئەمڕۆی چاوچنۆکدا، ئەو هـەموو خاوەنـە و تەنانەت جیهانیشی بۆ پەیدابووە. ئەمڕۆ، شارەکە بە ترسناکترین شێوە کەوتۆتە بەر دەمی هەژدیهای مێـژوو و ڕۆژانە خەڵکی کوردی بە باب و باپیرانەوە لەوێ نیشتەجێ، دەردەکرێن و تیایاندا هەیە ناسنامەی نەتەوەییان بۆ عەرەب دەگۆڕن و هی واشیان تێدایە بۆی نییە ملکومالّی بەناو بێت و دەبێ تەنانـەت هـەر بـە کـرێچێتی دابنیشێت و بێ داهاتوویەکی ڕووناک گوزەران بکات.
هیچ لەو گەلانەی خۆیان بە خاوەنی شاری کەرکووک دەزانن، هێندەی کورد خـاوەنی بەڵـگەنامەی تـەواو و سەلمێنەر نین، بەڵکو لە ڕێگای نادروست و شێواوییەوە بوونەتە جێ نزرگەی بیری پوچ و زۆرداریی خۆیان.

فەلەستینییەکان بە هەموو ڕێکخراوەکانیانەوە، تا ئێستا بۆ ساتێکیش لەو داوایەی خۆیان پاشگەز نەبوونەتەوە، کە دەبێ قودس ببێتە پایتەختی دەوڵەتی فەلەستین. دەبا ئێمەی کوردیش کە لـەم وەختـەدا خەریکـە بـارێکی لەبار بۆ هەموو ناوچەکە بڕەخسێ، داوامان ئەوەبێ: کە کەرکووک-مان بە پایتەختی کوردستان دەوێ!

جێگای شانازییە، کورد لە کەرکووک-دا توانیویەتی بـە درێژاییـی مێـژوو، چەنـدین کەسـایەتیی وێـژەوان و ڕامیاریی وا بخوڵقێنێ، کە نەک هەر گـەلی کـورد بەڵـکو گـەلانی تـر و ئایینـەکانیش سـوودیان لـێ ببینـن. خەڵکانێک کە کەرکووک بەرهەمی هێناون، هەمیشە جێگای شانازیی گەلی کورد بە گشتی و شاری کەرکووک و دەڤەرەکەی بەتایبەتین.
بۆ مێژوویەکی دوور دەگەڕێینەوە و چەند نموونەیەک دەهێنینەوە: مەردۆخ لـە "مێـژووی کـورد و کوردسـتان ل ٧٥"دا سەبارەت بە سوڵتان سەلاحەددینی ئەییوبی، دەڵـێ: (ئـەم کـوردە قارەمانـە ناسـراوە کـە پیـاوێکی ئایینپەروەری گەورە بووە و بۆ ئایینی ئیسلام زۆر خزمەتی بەرچاوی کردووە، لەدایکبووی شاری کەرکووک-ە). سدیق بۆرەکەیی دەربارەی هێندێک لە وێژەوانان دەڵێ: ((١- پیرئەحمەدی کەرکووکی (سەدەی پێنجەم): ئەم هۆنەرە کوردە ناوی (ئەحمەد کوڕی نەسەی کەرکووکی)یە، کە لە سەدەی پێنجەمی کۆچیـدا پێـی ناوەتـە

کۆڕی ژیانەوە. هەر لە منداڵیدا وریا و زیرەک بووە، لە تەمەنی ٨ساڵیدا لای باوکی خەریکی خوێندن بووە و هەر لەو کاتانەدا هۆنراوەی باشی هەڵبەستووە. لەبەر ئەوەی دەنگیشی خۆش بووە، هۆنراوەکانی خۆی بەدەم هەواو و ئاهەنگی تەنبوورەوە خوێندووەتەوە. بەو شێوەیە خەڵک لە دوورەوە هاتوون و گوێیان بۆ هۆنراوەکانی شل کردووە). ٢- سەی شەهابوددینی شارەزووری (٦٥٩-٧٤٨): ئەم هۆنەرە ناوی (شەهابوددین کوڕی سەی ئەحمەد)ە. بە پێی یادداشتی (قرندی)، لە ساڵی ٦٥٩ی کۆچی لە دێی (ئاغجەلەر)ی نزیک کەرکووک لەدایک بووە. لەژێر چاودێریی باوکیدا خراوەتە قوتابخانە و ئەوسا چووەتە حوجرەی فەقێیان. ماوەیەک لەلای شێخ عیسای بەرزنجەیی پەیڕەوی ئایینی خوێندوە و پاشان چووەتە کەرکووک و لەوێدا بە خوێندنەکەی کۆتایی دێنێ و دەگەڕێتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی. پاش ماوەیەک دەڕواتە هەورامان و لەوێوە بەرە و دێی شێخان لەلای سوڵتان ئیسحاق ڕێ و ڕچەی یاری وەرگرتووە. پاشماوەی ژیانی بە وانەوتنەوە و ڕێنوێنی خەڵک بردووەتە سەر تا ساڵی ٧٤٨ ی ک. کۆچی دوایی دەکات. لە سەی شەهابوددین-ەوە زۆر هۆنراوە بە زاراوەی گۆرانی ماونەتەوە کە سەبارەت بە ڕێ و ڕچەی یاری-ن. ٣- غەمناکی: نازناوی هۆنەریی هۆنەری کۆنی کورد (محەممەد کوڕی ئەحمەدبەگی زەنگەنە) بووە، کە بە موحەممەدئاغای غەمناکی ناسراوە. شایانی باسە غەمناکی، نازناوی هۆنەریی سەرەتا زەبوونی بووە. لە ساڵی ١١٠٢ی کۆچی لە دێی قەیتوول کە لە چەند کیلۆمەتری شاری کەرکووک-دایە لەدایک بووە و هەر لەوێشدا پێگەیشتووە. لە ساڵی ١١٩٧ و لە تەمەنی ٩٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە). ٤- میرزاشەفیعی جامڕێزی (١١٩٠-١٢٥٢): ئەم هەستیارە لە هۆزی (دەلۆ)ی خەڵکی دێی (جامڕێز)ە، کە دەکەوێتە دەوروبەری شاری کەرکووک-ەوە و لە ناوەڕاستی سەدەی سیازدەهەمدا ژیاوە و شیعرەکانی بە شێوەی گۆرانین×. مامۆستا سدیق بۆرەکەیی (مێژووی وێژەی کوردی- ٢ لاپەڕە ٤٦٨)دا دەڵێ: ناوی شەفیع و کوڕی عەباسی دەلوویە و بە پێی گۆڤاری دەنگی گێتیی تازە لە ساڵی ١١٩٠ی کۆچی لە دێی جامڕێزدا لەدایک بووە و لە ساڵی ١٢٥٢ و لە تەمەنی ٦٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. ٥- میر ئەحمەدبەگی زەنگەنە (١١٠٠-١١٧٠): هۆنەرێکی دێرینی کورد بووە. ناوی میرئەحمەد کوڕی سمایل بەگی زەنگەنەیە. (لە ساڵی ١١٠٠ی کۆچی لە دێی قەیتووڵ لەدایک بووە و هەر لەوێشدا پێگەیشتووە. لە ساڵی ١١٧٠ و لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا کۆی دوایی کردووە و لە زێدەکەی خۆیدا نێژراوە). ٦- مەلاعومەری ڕەنجووری (١١٦٤- ١٢٢٥): بە پێی بەیازێکی کۆن کە کەوتووەتە دەست، لە ساڵی ١١٦٤ی کۆچی لە دەوروبەری کەرکووک-دا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و لە ساڵی ١٢٢٥ی کۆچی ماڵاوایی لە جیهان خواستووە). حاجی قادری کۆیی لە هۆنراوەیەکدا بەم شێوەیە پلەی هۆنەریی ڕەنجووری دەردەخات:

یەکێ ڕەنجووری ئەهلی کەرکووکە فیکری بیکری هەموو وەکوو بووکە

٧- شێخ نەجمەددینی سابری (١٣٠٠-١٣٦٣): هەستیارێکی کورد بووە کە ناوی خۆی شێخ نەجمەددین کوڕی شێخ ئەبدولڕەحمانە و بە (سابری) ناسراوە. بە پێی سەرەتای دیوانەکەی لە ساڵی ١٣٠٠ی کۆچی لە دێی شۆڕیجەی کەرکووک لەدایک بووە و هەر لەوێش پێگەیشتووە. لە ساڵی ١٣٦٣ و لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و هەر لە زێدەکەی خۆیدا نێژراوە. ٨- سەی عەبدولقادری ئەسیری (١٣١٠-١٣٨٢): هۆنەرێکی دێرینی کورد بووە. ناوی عەبدولخالق کوڕی سەی حوسەینی بەرزنجی-یە. بە پێی ئەو بەڵگانە کە

کەوتوونەتە دەست لە ساڵی ١٣١٠ی کۆچی لە شاری کەرکووک پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێگەیشتووە. لە ساڵی ١٣٨٢ی کۆچی و لە تەمەنی ٧٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و هەر لە کەوکووک نێژراوە). عەلائەددین سەججادی دەربارەی مەلای جەباری دەنووسێ: ((ناوی فەتاح و کوڕی سەید مستەفای سەید ئیسماعیلی سەید جانی)یە: لە نەتەوەی سەید جەباری باپیرەگەورەی عەشیرەتی جەبارییە. لە ساڵی ١٨٠٦ لە ئاواییی "بانگوڵ" کە یەکێکە لە ٢٨ ئاواییەکەی عەشیرەتی جەباری، هاتۆتە دونیاوە. ناوعەی جەباری کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی کەرکووک بەلای ڕووگەوە. مەلای جەباری لە ١٨٧٦ و لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا لە ئاواییی "تاویربەرز" کۆچی دوایی دەکات و تەرمەکەی دەبەنەوە بۆ "بانگوڵ" و لەوێدا دەینێژن.

سەرچاوەکان:

- مەردۆخ، کورد و کوردستان ل ٧٥.
- سدیق بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی ١-٢، ل ١٣٤، ١٩٠
- عەلائەددین سەججادی، مێچووی ئەدەبی کوردی
- موحەممەد عەلی قەرەداغی، کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی بەرگی چوارەم، چاپی یەکەم ١٩٩٣ لاپەڕە ٤٣